# ژینگه

**ئەحمەد دەشتی**





من كه ژینگەم خۆش دەوێت
پڕ جوانی و ئاوەدان و
پاک و خاوێنم دەوێت
نامەوێ دەستی کەسیف
بێته ناو ژینگەی منا
پڕ قرێژ و پیسیکات
خاکی ڕەنگینی منا
زۆر شیرینه نازەنینه
ژینگەیی جوانی وەڵات
گشت هەولدەن پێشکەوێت
سەرکەوێت و پاک بێ
ڕەندوجوان و هەر شەپال بێ
ژینگەیی خاکی زەمین
کێ که کورد بێ
پاک و بێ گەرد بێ هەمیشه
هەروەک و گیان و دڵی
پاک دەپارێزێ هەمیشه
جوان دەکات واری شیرین
ڕەند دەکات و ڕێک دەخات
ژینگەیی واری ئەوین
هەروەکو چاو خۆشەویسته
ژینگەیی ژینی مرۆڤ
کی که پاک بێ
دووره پیس بێ بۆ هەمیشه
ژینگەکەی جوانتردەکا
نایەلێ ساتێ کەسێ
دەست درێژی و چلکنی
بۆ هەوار و ژینگەیی خاکی ببا
جێی ژیانه جوانی بوونه
ژینگەیی پاک و تەمیز



خۆی ئەوینە شادی ژینە

ژینگەیی ڕەندو دەلال

تاکو ماوی بێ وچان بە

پر لە هەست و گیان ودڵ

چاوەدێری ژینگەتا بە و

قەت نەکەی خیانەت بەگوڵ

کێ کە ژینگەی

پاک و خاوێن و جوان بێ

دیارە کوردە و خۆشەویستە

باوەڕی پاکی دەبێ

*